KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
23-7-2007 12:36 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**بانگەوازێک لە "عومەر فارس محەمەد" وەوە بۆ هەموو نوسەران و رۆشنبیران و پیاو ماقوڵانی شاری کفری / ئەوانەی لە ناوەوە کوردستان یان لەدەرەوەی کوردستانن بۆ هەموو لایەنە سیاسیەکان لە سنوری شاری کفری و دەوروبەری**

بەمەبەستی نوسین و ئامادەکردنی کتێبێك لەسەر شاری کفری، ئەو شارەی کە یەکێکە لە شارە کۆنەکانی باشوری کوردستان و سەردەمانێك لانکی خەبات و تێکۆشان و سەرچاوەی رۆشنبیری و سەدان دەست پێشخەری تر بووە لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا و شوێنی سەرهەڵدانی یەکەم شۆرشی نوێگەری لە شیعری کوردی دا قوڵم لێهەڵماڵیوە.

جا ئەو پرۆژە گەورەیە بە هاوکاری و دەستگیرۆیی ئێوەی بەرێز نەبێت ناگاتە ئەنجام، بۆیە داواکارم لەبەرێزتان ئەوەندەی دەکرێ هاوکاریم بکەن بە:

1-ناردنی هەربابەتێك بۆم کە تایبەت بێت بەهەر لایەنێکی شاری کفری و دەوروبەرییەوە.
2-ناردنی هەر دیکۆمێنت و وێنەی تایبەت بە شوێن و کەس و رووداوەکانی شاری کفرییەوە.
3-ناردنی مێژووی ژیان و وێنەی کەسایەتیەکانی شارەکەو و نوسەران و سیاسەتمەداران و شەهیدانی هەموو لایەنە سیاسییەکان.
4-ناردنی سەرگوزشتەی تایبەت بە رووداوەکانی شارەکە، ئەگەر لە ئاستی تاکە کەسیشدا بێت.

دەتوانن لەم رێگانەی لای خوارەوە بابەتەکانتان رەوانە بکەن:

1-ناونیشانی ئەلیکترۆنی خۆم: om_kf@yahoo. com
2- نوسینگەی گۆڤاری تیرۆژ / سلێمانی سابونکەران / بەرانبەر بازاری هەورامان
3-کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوك / کەرکوك –بەرانبەر قەڵا
4-بنکەی کفری /کۆمەڵەی روناکبری و کۆمەڵایەتی کەرکوك.
5-بنکەی کەلار / کۆمەڵەی روناکبیری کەرکوك
6-بنکەی دووز /کۆمەڵەی روناکبیری کەرکوك
7-رۆژنامەی زەنگ.
8-رۆژنامەی خۆرنەوەزان
9-کتێبخانەی سۆلاڤ لە شاری هەولێر

بۆ زیاتر روونکردنەوە دەتوانن بەم ژمارە تەلەفۆنەوە پەیوەندی بکەن (07702167144)

تێبینی:
هەموو سەرچاوەو وێنەو دیکۆمێنتەکان پاش سوود لێوەرگرتنی بۆخاوەنەکەی دەگەرێتەوەو ناوەکەیشی دەنوسرێت.

سلێمانی 2007/7/15

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.